# بۆچی ئێمەش خوێندنگایەکی وەکو (خوێندنگای ئودادا) مان نەبێت؟



عەبدولواحید محەمەد حاجی

بەداخـــەوە ئێمـــەی گەلی کـــورد بەشـــی زۆری بوارەکانـــی ژیانمان بەشمەینەتـــی و مـــت بـــوون و چەقبەســـتوویی بـــووە لەڕابـــوردوو بەتایبەتـــی لە بـــواری پەروەردەو فێرکردن ، ئەوە بـــەو مانایە نی یە پـــەروەردەکاری زرنگ و هۆشـــیارو لە خۆبوردوومان نەبـــووە ، بەڵێ




خەڵکی زۆر بە تواناو لێوەشـــاوەو شـــارەزامان هەبـــووە، بەڵام لەگەڵ هەر هەنگاوێـــك و تەکانێکیان لەوبەر بەربەســـتێکیان بۆ هەڵتۆقیوە و هـــەر لەجێـــدا تووشـــی خەســـان و گیانەڵا کـــراوە ، بۆیـــە ئەوەی هەشبووە هەر لەشـــوێنی خۆیدا گینگڵو گەوزیوە ، بەڵام لەدوای ئەم هەلومەرجە نیمچە لەبارە خەریکە جومگەکانی ژیارو ژیان نەشونماو

پزیســـکە بدات، پـــەروەردەو فێرکردنیش لەخەوەکەیـــدا رابچەڵەکێ و لەگـــەڵ داکەوتی (واقع) ی ئێســـتای جیهاندا پەنجـــە بگرێو بەرەو پێشـــەوە بچێ ، ئەوەی گرنگە پێویســـتە بیزانین ئێمە لە ســـوچێکی دابڕاودا ناژین تاوەکو پێویســـتمیان بەکـــەس نەبێ و بەهەوڵی خودی


خۆمان ئەم ئامانجە بەرجەســـتە بکەین، بەڵکـــو تاقیکردنەوەی وڵاتە پێشـــکەوتووەکان، نموونـــە جوانەکانیان بۆ ئێمـــە گرنگی خۆی هەیە وەری بگرین و پڕاکتیزەی بکەین، مەبەستەکانمان بهێنینەدی و لەگەڵ رەوتەکەدا جووت بین و بەلاڕێدا نەکەوین، بێ گومان گرنگترین بنەما بۆ وەدەســـتهێنانی ئـــاوات و ئامانجە رەواکانمـــان بەخوێندەوارکردنی











کۆمەڵگەکەمانە لەوەش گرنگتر سەراپاگیری ئەم پرۆسەیەیە، واتە سەرجەم چین و توێژەکان بگرێتەوە نەك توێژێکی دیاریکراو هەر بەوەشەوە نەوەستین بگرە ئامادەشیان بکەین بۆئەوەی هەر یەکەو بەپێی توانای خۆی بەشداری لە بنیاتنانی تازە لەتەکاندانی وڵاتدا بکات، جێی باسە لە وڵاتی ئێمەدا راستە وەکو لەپێشدا ئاماژەمان پێدا پەروەردەو فێرکردن خەریکە بزۆز دەکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا تووشی دەردێکی کوشندە بووە ئەویش وازهێنانی ژمارەیەکی زۆری خوێندکارەو دوورکەوتنەوەیانە لەناوەندەکانی خوێندن لەبەر چەندین هۆکاری جیاجیا وەك کەم توانایی، نەگونجانی پرۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ حەزو ئارەزووی خوێندکار، بێ ئۆقرەیی و حەوسەڵە تەسکی هەندێکی تر خۆهەڵواسین بەبەشێك لە کەلتوری کۆن و لەکارکەوتووی کۆمەڵگەکەمان، بەبڕوای من ئەگەر بە قوڵی بیر لەو دیاردەیە نەکەینەوەو چارەسەری گونجاوی بۆ نەڕەخسێنین دواجار لەشکرێکی تری نەخوێندەوارو نەکارامان بۆ زیاد دەبێت، ئەو دەم ئەستەمە بتوانرێ لە ناو ئەو گۆمە لیخنەو لێڵە بەسانایی بێ باجێکی قورسو لەتوانادا نەهاتوو رزگارمان بێت، دەکرێ بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دەردە کوشندەو وردە وردە زیت هەڵبۆوە لێمان تاقی کردنەوە و نموونە جوانەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان وەربگرین و بیخەینە بواری جێ بەجێ کردنەوە، خۆ ئەو وڵاتانەش لە ئەزەلەوە بە لەقووتوکراوی دروست نەبووینە گومانی تێدا نیە ئەوانیش بەو قۆناغەدا رۆیشتوون ئێستاشی لەگەڵدا لەخەم نەڕەخسیوون، ئەوەتا بەندە لە ماوەی رابردوو لەگەڵ (١٥) مامۆستایتر بە سوپاسەوە لەسەر ئەرکی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو رێکخراوی (کۆیکا ، ئەنەپا) ی مرۆڤ دۆستی کۆریای باشور گەشتێکی پەروەردەییان بۆ ئەو وڵاتە پێشکەوتووە بۆ سازکردین لە چوارچێوەی گەشتەکەدا لەپاڵ چەندین وانە و محازەرەی بە پێزو پڕ واتا سەردانی چەندین ناوەندی خوێندنیان پێ کردین یەکێ لەو ناوەندانە زۆر جێگای سەرنج بوو و دەکرێ وەکو نموونەو سەر دەقێك بۆ وڵاتی خۆمان سوودی لێ وەربگرین ئەویش خوێندنگای ئودادا (Odada school) بوو لەشاری بوسان، دووەم گەورە شاری کۆریای باشووری سەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسی کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (٤,٥٠٠٠٠٠) چوارملیۆنو نیو هاوڵاتیە، ئەو خوێندنگایە لەسەر ئەرکی شارەوانی ئەو شارە بنیاتنراوە تەواوی خەرجیەکانیشی بە مووچەی مامۆستایانیشەوە لە ئەستۆی ئەواندایە ، بە گوتەی مامۆستاکان هەندێ دایکان و باوکانی خوا پێ داو بە حەزو ئارەزووی خۆیان هاریکاری خوێندنگاکەیان دەکەن (٤٢) خوێندکار لە تەمەنی جۆراوجۆر دەوامی تێدا دەکەن هەموویان لە خوێندنگا فەرمیەکان دابڕاون لەبەر چەند هۆکارێکی جیاجیا، بەجۆرێك هەندێکیان لەبەر بێ ئۆقرەیی و نەگونجانی سروشتیان، هەندێکی تریان لەبەرئەوەی حەزیان لە پرۆگرامەکانی خوێندن نیە ئارەزووی تریان لە هزرو دڵدا هەیە، ژمارەیەکی تریشیان لەبەر کاڵفامی و کامڵنەبوونیان، گرنگ ئەوەیە لە کۆریای باشوور و شاری بوسان کە ئەو خوێندنگایەی تێدا دامەزراوە هەژمار بۆ هەموو تاکێك کراوە و دەکرێ، بەو مانایەی کەسێك نی‌یە لەو وڵاتە لە بۆشایدا بژیێت هەموویان مافیان هەیەو ئەرکیشیان لەسەرە دەبێ پشکی خۆیان بەربکەوێ، لە خوێندنگاکەشدا چەندین چالاکی کە لەگەڵ حەزو ئارەزووی خوێندکاراندا گونجاوەو لەسەر دەستی (٦) مامۆستای کاراما پێشکەش و پراکتیزە دەکرێ جێی سەرنجە چالاکیەکان بریتی بوون لە وەرزش، شانۆ ، کاریدەستی ، مۆزیك، بەتایبەتی مۆزیکی فۆلکلۆری خۆیان، ئەوەی مایەی هەڵوێستەکردن و سەرسوڕمانی ئێمەبوو مامۆستاکان و خوێندکارەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، تا بشڵێی رۆح سوك و سەمەندە ر ئاسابوون. دەبا شارەوانیەکانی ئێمەش پیاوە خواپێداوەکان بیربکەنەوە چەند (ئودادایەك) لە شارەکانمان دابمەزرێنن، بەڵکو بتوانین ژمارەیەك لەو خولیاو ئارەزوو دابڕاوانە لێ کۆبکەینەوە و گەشەی پێبدەین بیانکەینە تاکی بەکەڵك نەك سەرشەقام و لاکۆڵانەکان ببێتە وێردیان زیاتر بەرەو هەڵدێر بچن. باوەڕیشم وایە ئەوەندە خەرجی ناوێ رەنگە هەر بەقەد چەند ئاهەنگێك و..و ..تێ بچێ.